

# تفەنگە تاپڕەکەی مام یووسف

**موعتەسەم ساڵەیی**
**(کەرکووک)**

لە سەردەمی منداڵیمدا لە سێ شت دەترسام و هەمیشە چەکەرەم لێ دەکردن کە بریتی بوون لەمار و.. پۆلیس و.. تفەنگە تاپڕەکەی مام یووسف..! ئەم سێ شتە هەمیشە دەیانتۆقاندم و زەندەقیان دەبردم. باوکم لە شارۆچکەی (س) فەرمانبەر بوو.. بەلامەوە سەیربوو کە لەو دەشتودەرەدا جاروبار ماری جۆراوجۆرم دەبینی بەسەر زەویدا دەخشان، یان جاری وا هەبوو لە کەناری ڕێوبانەکاندا ڕووبەڕووی ماری پەپکە خواردوو دەبوومەوە. شتێکی زۆر ئاسایی بوو ئەگەر هەندێ جاریش چاوم بە ڕەش مار و بۆرە ماری بەڵەک بەڵەک و کوڵەمارو زەردەمار بکەوتایە. خەڵکی ناوچەکە وەها ڕاهاتبوون لەڕەشەمار سڵ نەکەنەوە، دەیانوت گوایە ئەو جۆرە مارە بێ زەواڵە و لە هەمان کاتیشدا ماری تر قووت دەدات، بەڕادەیەکی زۆر سڵیان لە دوو جۆر مار دەکردەوە، یەکەمیان بۆر و بەڵەک بوو کە پێیان دەگوت تەڵخەک، یان بۆرەمار. ئەم جۆرەیان بەوە ناسرابوو کە بەبێ جووڵە و بەبێ چرپە لەسەر زەوی خۆی مات دەدا، لەناکاودا وەک هەلپەرستێک زەفەری بە ئاژەڵ و مرۆی ڕێبوار دەبرد، بێ بەزەییانە کەڵبەی ژەهراویی لەجەستەیان گیردەکرد. دووەم جۆرە ماری ترسناکیش کوڵەمار بوو، کە زۆر کورت و ئەستوور و مەترسیدار بوو، خەڵکی ناوچەکە خۆیان لێ دەپاراست، تەنانەت سۆفی و دەروێشەکانیش نەیاندەوێرا بیگرن و لێی نزیک ببنەوە. پاساویان دەهێنایەوە و دەیانگوت گوایە لەژێر ئیجازەی مشایەخەکاندا نییە. بەپێی عەقڵی منداڵیی ئەوسام وەهای بۆ دەچووم، گوایە ئەگەر مار بەهەر کەسێکەوە بدات، ئیتر ئەو کەسە یەکسەر دەبێت بەقەرە برووت و چاک نابێتەوە.!

لەو سەردەمەدا بەتەنیا مار سەرچاوەی ترس و دڵەڕاوکێی من نەبوو، بەڵکوو بەقەد دنیایەکیش

لە پۆلیس دەترسام. هەر کاتێک پۆلیسی قۆڵچیم بەسواری ئەسپەوە ببینیایە، کە لەو دەشتودەرەدا عەوداڵی دەستگیرکردنی قاچاخچی بوون، یەکسەر قەڵەمی دەست و پێم دەشکا. هەندێک جار پۆلیسی سوارەم بەسواری ئەسپی ڕازاوەوە دەبینی کە بە لەخۆباییەکی زۆرەوە تفەنگیان بەشانەوە بوو، ڕاست و چەپیش فیشەکلغیان لەقەد خۆیان دەبەست، ئیتر بەدیتنی ئەو دیمەنە زارەترەک دەبووم و زەندەقم دەچوو. سێیەم شتیش کە سەرچاوەی ترس و تۆقاندنم بوو، تفەنگە تاپڕە ساچمەزەنەکەی مام یووسف بوو، کە بەزۆری ئەو جۆرە تفەنگانە بۆ ڕاو و شکار بەکار دێت. دیمەنی مام یووسف بەخۆی و تفەنگە تاپڕە ڕاوەکەی، سەرباری ئەو هەموو ترس و دڵەڕاوکێیانەی من بوون.

هەندێک جار لەماڵی مام یووسفی دراوسێمان دەنگی تەقەی گوللە دەبیسترا، خەڵکی دەیانگوت گوایە ئەو پیرەپیاوە ڕیش چەرمووە بۆ ساتەوەختێک ئۆقرە بەخۆی ناگرێت، تەنانەت بێ وچان گوللە بەدار و بەرد و دیوارەوە دەنێت، ئەگەرچی مام یووسف بەتەمەن بوو، بەڵام کابرایەکی چوستوچالاک و توند تەبیعەت بوو، کەسیش بەئاسانی نەیدەوێرا توخنی بکەوێت و دڵی برەنجێنێت، بەڵام جاروبار ئەگەر کەسانێک هەبوونایە و سەریان بنایەتە سەری و بیانویستایە تەشقەڵەی پێ بکەن، ئەویش بەتوورەییەوە یەکسەر دەستی بۆ تفەنگەکەی دەبرد، لوولەکەی ئاراستە ئەو کەسە دەکرد و دەیترساند. هیچ وەختێک لە ڕێگە و باندا بەبێ تفەنگەکەی شانی نەدەبینرا، تەنانەت ژنان لە ماڵەکانیاندا منداڵانی چەتوونیان بە تفەنگەکەی مام یووسف دەترساند و هێوریان دەکردنەوە.

بە عەقڵی سادە و ساکاری ئەوسام، وەهای تێدەگەیشتم گوایە ئەو تفەنگەی مام یووسف دەتوانێت کێوێک لەبن بهێنێت. هەرکاتێک کۆڕی شایی و زەماوەند و هەڵپەڕکێ سازبکرایە، ئیتر هەر چاوش بوو تفەنگەکەی (مام یووسف)یان شاباش دەکرد، ئەویش با دەچوو بە لووتیدا و چەند گوللەیەکی بە ئاسماندا دەتەقاند. ژنانی سەر گوێسەبانەکانیش کە تەماشای شاییەکەیان دەکرد، سەریان دادەنواند و لەترسان دەکەوتنە قیژە و هاوار.

ڕۆژێک لە بەدبەختی من وەها ڕێکەوت ئەو سێ شتەی کە لێیان دەترسام، هەموویان پێکەوە لەیەک کاتدا لە ماڵماندا کۆببنەوە. دایک و باوکمان پێکەوە بۆ میوانی لەماڵ دەرچووبوون، لەپڕ گێلاسی خوشکم لەنێو حەوشەدا هاواری لێ هەڵسا، دڵم داخورپا و زانیم شتێکی ناهەموار ڕووی داوە، کاتێک بەرەو ڕووی چووم و لێی نزیک بوومەوە، بینیم بەزارەتەرییەکی قیت لێی ڕاوەستاوە و بە پەنجەی ئیشارەت دەکات بۆ مارێکی پەپکە بەستوو بەسەر زەوی حەوشەکەوە، هەموومان لە ترساندا ئەو شوێنەمان بەجێ هێشت و دوور کەوتینەوە، وەهامان بەباش زانی خەڵکی دەرودراوسێ ئاگادار بکەینەوە تا بە هانامانەوە بێن. گێلاسی خوشکم و سالاری برام بەجووتە دەرچوونە دەرەوە، بۆ ئەوەی کەسێک بانگ بکەن و لەو دوژمنە ناقۆڵایە ڕزگارمان بکات و بتوانێت سەری بپلیشێنێتەوە.

پاش ماوەیەک لە چاوەڕوانی، بینیم گێلاس مام یووسفی داوەتە پێش خۆی، هەردووک بە پەلە و هەڵەداوان خۆیان بەحەوشەدا کرد. مام یووسف بە توندی تفەنگە تاپڕە ساچمەزەنەکەی بەدەستەوە گرتبوو، وەها خۆی دەنواند گوایە بۆ جەنگێکی بێ ئامان خۆی ساز کردبێت، چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوون و سمێڵە سپییەکەیشی بێ وچان دەلەرییەوە. هەروەک سەربازێک لە مەیدانی جەنگدا بە وریاییەوە بەرەو پێشەوە هەنگاوی دەنا، منیش بە وریاییەوە هەنگاوم ناو خۆم لێیان نزیک کردەوە. تاو ناتاوێکیش لەبارەی مارەکەوە پرسیاری ئاراستە دەکردین. هەناسەیەکی پڕ لە ئۆخەیم هەڵکێشا و لە دڵی خۆمدا گوتم ئەگەر

ئەژدیهایەکیش بێت، ئەوە ئەو چەکی ڕاوکردنەی ئەو پیرەمێردە بەسە بۆ ئەوەی لە نێوی بەرێت و سەری پان بکاتەوە.

مام یووسف کەوتە تێڕامان و بۆ چەند جارێک بە دەوروبەری مارەکەدا سووڕایەوە، مارەکەیش پەپکەی بەستبوو، بەو ڕادەیەی جووڵەی لەبەرخۆی بڕیبوو، منیش زیاتر خۆم نزیک کردەوە، دەمویست هانی ئەو کابرایە بدەم تا ئەو جانەوەرە بداتە بەر گوللە، هەروەک بۆمان دەرکەوت ئەو کابرایە زۆر دوودڵ و ڕاڕابوو. کاتێک گێلاسی خوشکم داوای لێ کرد ئەو مارە بداتە بەر گوللە، کابرای تایین تووڕەیی دایگرت و بە ڕوومانندا هەڵشاخا و پێی گوتین:

- بێدەنگ بن هەی نەفامینە، ئەم مارە لەشی سڕبووە و بەسەر بەردێکی ڕەقوتەقەوە پەپکەی بەستووە، ئەگەر بێتو گوللەیەکی پێوە بنێم، ئەوە هەموو ساچمەی فیشەکەکە بەرەو ڕووی خۆمان دەگەڕێتەوە..

کاتێک مام یووسف لەم قسانەدا بوو، مارەکە هەلی بۆ ڕەخسا و خشەی کرد و خۆی کرد بەکونێکدا و لەبەر چاو بزربوو، بەبینینی ئەو دیمەنە سەرسام بووین و واقمان وڕما..! لە هەمووی سەیرتر سالاری برایشمان هات بەسەردا، بۆ گیانی مارەکە پۆلیسێکی تفەنگ بەشانی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، ئەو سێ شتەی کە من چەکەرەم لێ دەکردن و لێیان دەترسام، هەمووی پێکەوە لەیەک ساتەوەختدا لەنێو حەوشەکەماندا کۆببووبوونەوە، بریتی بوون لە: مار و.. پۆلیس و.. تفەنگەکەی مام یووسف..! کاتێک کابرای پۆلیس گەیشتە نێو حەوشەمان کار لە کار ترازابوو، چونکی مارەکە هەڵاتبوو. زۆری پێ نەچوو خەڵکانێکی زۆر داباریینە نێو حەوشەکەمان. دەنگە دەنگ و غەڵبە غەڵبێکی زۆر پەیدابوو، پاش ئەوەی سەرجەم باس و خواسەکە کەوتە بەرگوێی هەمووان، ئیتر هەرهەموو لە خوایان ویست و بە گاڵتە و پێکەنین کەوتنە وێزەی مام یووسف و تفەنگەکەی، بە قسەی ئەوان بێت گوایە ئەو تفەنگە ئەوەندە بێ کەڵک بووە، تەنانەت نەیتوانیوە لە هەقی مارێکیش بێت..! لە گوند و شارۆچکەکاندا بە پێچەوانەی شارە گەورەکانەوە، وەها باوە قسە و قسەڵۆک زیاتر بڵاودەبنەوە و تەشەنە دەسەنن، بگرە لە خوایان دەوێت بابەتێکی سەیروسەمەرەیان بکەوێتە بەرگوێ، بۆ ئەوەی بیکەن بە بەیت و بالوورە، وەک مێژوویەکی پڕ لە سەیروسەمەرە بێ وچان بیگێڕنەوە، بۆیە هەر ڕووداوێکی تازە و نوێیان بکەوێتە بەرگوێ، ئیتر ئەوەندەی تری دەخەنەسەر و دەماودەمی پێ دەکەن. ئەوەی بەسەر مام یووسف، هات یاخوا بەسەر دوژمنیشت نەیەت، ئەو پیرەمێردە بەستەزمانە لە ترسی زمانی خەڵکی نەیدەزانی چی بکات و بۆ کوێش سەری خۆی هەڵبگرێت..!

پاش ماوەیەک شەوێک لە شەوان مام یووسف بەبێ تفەنگەکەی هات بۆماڵمان، بە ڕوونی خەم و پەژارە بە ڕوخسارییەوە دیاربوو، پاش چای خواردنەوە، باوکم سەبارەت بە تفەنگەکەی پرسیاری لێ کرد، ئەویش بەوپەڕی پەژارەوە بە دەنگێکی نزم وەڵامی دایەوە و گوتی:

- لەترسی دەمی ئەم هەموو خەڵکە بێ بەزەییە، لێبڕام تفەنگەکەم لە کۆڵی خۆم بکەمەوە و بیفرۆشم..!

بە پەرۆشەوە تەماشای دەمی ئەو کابرایەم دەکرد و بە قسەکانی سەرسام بووم، ئەوەی پێویستە بگوترێت لەو ڕۆژە بەدواوە ترسم لە مار شکا. لەهەمان کاتیشدا ترس و دڵەڕاوکێم لە تفەنگە تاپڕە ساچمەزەنەکەی (مام یووسف)یش ڕەوییەوە، بۆم دەرکەوت بەو جۆرە نییە کە چەکەرەم لێ دەکرد و لێی دەترسام، بەڵام پیاو بۆ خوا قسەی ڕاست بڵێت و درۆ نەکات، من بە درێژایی ژیانم بە ئێستەیشەوە بەردەوام لە پۆلیس ترساوم، لەم تەمەنەی ئێستەیشمدا کاتێک بەسەر ڕێگەوبانەکاندا ئۆتۆمبێل لێ دەخوڕم، بە تایبەتی لە پۆلیسی هاتوچۆ سڵ دەکەمەوە..!